کۆتایی بە پێکدادانە چەکدارییەکانی نێوان سوپای عێراق و چەکدارانی داعش لە قەزای مەخموور هات

فەرماندەیی ئەپراسیۆنەکانی پارێزگای نەینەوا ڕۆژی شەممە (2ـی کانونی یەکەمی 2023)، کۆتایی بە پێکدادانە چەکدارییەکانی نێوان سوپای عێراق و چەکدارانی داعش لە قەزای مەخموور لە باشوری ڕۆژئاوای هەولێر ڕاگەیاند.

سەرچاوەیەکی ئەمنی لە لێدوانێکی بە میدیاکان ئاشکرای کرد کە شەڕ لەگەڵ ئەندامانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە مەخموور ڕوویدا و بووە هۆی کوژرانی چوار ئەندامی ڕێکخراوەکە.

سەرچاوەکە وتیشی: "پێکدادانەکان چوار سەربازیان بریندار کرد، لەنێویاندا ئەفسەرێکی پلەدار"، وتیشی "ئەپراسیۆنی گەڕان و پشکنین لەو ناوچەیە بەردەوامە بەدوای تیرۆریستانی داعش".